ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
63
10 ی تەمووز/ جولای 2023

## حکومەت و دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات!



## تارمایی مەترسییەکی تر!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٣

## ئارامی و ئاسایشی شاری کەرکوک بە خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکی شارەکە، زامن دەکرێ!

**"بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە دۆخی سیاسی کەرکوک"**

شاری کەرکوک بە درێژایی چەندین ساڵ لەژێر سایەی ڕژێمی ناسیونال فاشیستی بەعسدا، لە گەڵ سیاسەتی تەعریبکردن وشۆڤێنیزمدا، بەرەوڕوبوو، دوای لەشکرکێشی و داگیرکردنی عێراق، ژیانی خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ سیاسەت و کارکردەکانی ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی بەرەوڕوکرایەوە وئەوانش دەستیان بەسەر پلەو پۆست و ئیمتیازاتدا گرت و لەڕێگای سەپاندنی سیاسەتی نەتەوەچێتیەوە کەوتنە تاڵان وبرو و گەندەڵی و ژیانی خەڵکی

بۆ لاپەرە ٥

## هۆکاری ڕاگرتنی گەشتی ئاسمانی سلێمانی بۆ تورکیا!

**عوسانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٧



## تاوانێکی لە بیر نەکراو!

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەرە ٩

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## کۆبوونەوەی پیرمام!

**موحسین کەریم**

کۆبونەوەی دوو ڕۆژ لەمەوبەری یەکێتی و پارتی بەبێ هیچ ئاکامێک کۆتایی هات! لەکاتی هاتنەدەرەوەیدا لە کۆبونەوەکە، بافڵ تاڵەبانی لەوەڵامی پرسیاری یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکاندا کە لێی پرسی لەگەڵ پارتیدا لێک نزیکن!؟ بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە" لەوە ئەچێ نزیک بین!؟" هەڵبەتە ئەم قسەیەی دوای کۆمەڵێک قسەی دیکە کرد کە نیشانەی نیگەرانی و تورەیی بافل تاڵەبانی بوو لە کەشوهەوای کۆبونەوەکەو مامەڵەی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ وەفدەکەی یەکێتی و لەگەڵ پێگەی یەکێتیدا! بافل تاڵەبانی ووتی؛" یەکیتی هێزە!".

بەدەر لە نیگەرانیەکەی بافل تاڵەبانی، هەر ئینسانێکی عاقڵ و کەمێک خاوەن ئەزمونی سیاسی لە کوردستان زۆر بەسادەیی لەوە تێدەگات کە بۆچی بافڵ تاڵەبانی بەوجۆرە نیگەران بووە! فاکتەری سەرەکی نارەحەتی و تورەیی بافڵ تاڵەبانی ئەوەیە کە پارتی وەکو هێزێکی هاوبەشی دەسەڵات و خاوەن بڕیاری سیاسی، یەکێتی قبوڵ ناکات. ئێمە جاری دیکەش ئەوەمان باسکردوە کە پارتی، وەکو هێزێکی بچووکی پاشکەوتوی بڕیاری سیاسی خۆی، مامەڵە لەگەڵ یەکێتی دەکات. ئەم کۆبونەوەیە ئەو ڕاستیەی بەجۆرێک سەلماند کە خودی بافڵ تاڵەبانی ناچاربوو کاردانەوە بەرامبەری نیشان بدات.

ئەوەی کە بافڵ تاڵەبانی لەدوای کۆبونەوەکەی

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی................کۆبوونەوەی پیرمام!

لەگەڵ پارتیدا دەڵێ یەکێتی هێزە، وەڵامی ئەو بۆچوون و مامەڵەیەی پارتیە کە حسابی ئەو هێزەی جارانیان بۆ ناکات کە وەکو هاوبەشی دەسەڵات و حکومەت و بڕیاری سیاسی قبوڵی کردبوون، ئەگەرچی وەکو هێزی دووەمی سیاسی چەکداری کوردستانیش بووبێت!

هیچ کەس نیە لە کوردستان نەزانێ کە بڕیاری سیاسی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان بەدەستی دوو بنەماڵەی خاوەن دەسەڵاتی ناو ئەو دوو حزبەیە، واتە بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی. خودی ئامادەنەبوونی هیچ کام لە مەسعود بارزانی و نێچیر و مەسرور لەو کۆبونەوەیەدا، مانای ئەوەیە کە خودی ناوەندی بڕیاربەدەستی پارتی ئامادەی ئەو کۆبونەوەیە نەبوەو کۆبونەوەکە بایەخێکی سیاسی ئەوتۆی نیە بۆیان. ئەگەر لە دەورانی تاڵەبانی باوکدا، سەرباری ئەوەی کە ریزبەندی دووەمی سیاسی لەبەرامبەر پارتیدا قبوڵکرد، بەڵام کۆبونەوەکانی لەگەڵ پارتیدا هەمیشە بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی ئەنجام داوە. پارتی و بنەماڵەی بارزانی ئێستا بەو دۆخەی یەکێتیەوە کە تێیکەوتوە، چ لەڕووی دۆخی ناوخۆیی حزبیەوەو چ لەڕووی پێگەی سیاسی- جەماوەریەکەی و چ لەڕووی پێگەی پیپلۆماسی و توانایە ئابوریەکانیەوە... ئامادە نیە ئەو قورساییە بدات بە یەکێتی و بە میراتگرانی تاڵەبانی باوک! بەڵام گومان لەوەدا نیە کە تا ئەو کاتەی هێشتا یەکێتی، جیاواز لەهێزێکی وەکو گۆڕان یان ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ، خاوەنی هێزی چەکدار و ناوچەی نفوزو ئیمکاناتی دارایی و پشتیوانی سیاسی- دیپلۆماسیە، دەیەوێ لەگەڵیدا کۆبێتەوەو لەسەر ئەو پرسە سیاسیانەی کە پێویستن و پارتی بۆی گرنگە، بەجۆرێک ریکەوتن بکات، بەڵام ئامادە نیە ئەو پێگەو جێگەیەی کە یەکێتی دەیەوێ، وەکو هاوبەشی سەرەکی و خاوەن بڕیاری سیاسی مامەڵەی بکات.

پارتی ئەوە دەزانێ کە بەشێکی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی سیاسی-ئیداری- سەربازی یەکێتیدایە، بەڵام هاوکات خاڵە لاوازەکانیشی دەناسێت و دەزانێ یەکێتی ئەو هێزەی جاران نیە کە بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی ئەم ناوچەیە بێت. سەرباری ئەو خاڵای لاوازانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن، پارتی لەناوچەی ژێردەسەلاتی یەکێتی چەندین هێزی چەکداری نزیک لە خۆی دروستکردوە! گومان لەوەدا نیە کە ئەم هێزانە هەژمونی رەهای یەکێتییان بەسەر ئەم ناوچەیەدا لەق کردوە و هەرکاتێک دۆخەکە بخوازێ و پارتی بەگونجاوی بزانی و پێویستی پێی بێت، دەتوانێ لەرێگای ئەو هێزانەوە سەریەشە بۆ دەسەڵات و هەژمونی یەکێتی دروست بکات!

ئەوەی کە بافڵ تاڵەبانی ناچارە باسی ڕابردووی یەکێتی بکات، بەوەی کە یەکێتی خوێنی شەهیدانە، یەکێتی مێژووە، ناتوانێ ئەو بارە لارەی یەکێتی و نەوەی یەکەمی بنەماڵەی تاڵەبانی ڕاست بکاتەوە. تاڵەبانی باوک دوای نزیکەی نیوسەدە لەسەر گۆڕی مستەفا بارزانی پەشیمانی خۆی بۆ ڕکابەری لەگەڵ بارزانیدا دەربڕی! ئیتر مێژوویەکی تازە دەستی پێکرد بەتەئیدی خودی تاڵەبانی، کە هێزی یەکەم و خاوەن بڕیار پارتی و بنەماڵەی بارزانین لە کوردستان. دوای ئەو هەموو شکست و کێشەو گرفتانەی بەسەر یەکێتی و پێگەی سیاسی و جەماوەری ئەو هێزەدا هاتووە دوای تاڵەبانی باوک، تازە بافڵ تاڵەبانی دەیەوێ ئەو ئاراستەیەی کە باوکی هەڵیبژارد، پێچەوانە بکاتەوە! بەڵام بەکردەوە نا، بەڵکو بە هاژوهوژی ڕاگەیاندن! هەرئەوەی لەکاتی هەڵچوونەکەی بافڵ تاڵەبانیدا بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کە لەپشتەوە ڕاوەستابوون، زەردەخەنە لەسەر دەموچاویان بوو، نیشانەی ئەوەبوو کە سەرکردایەتی پارتی زۆر حساب بۆ ئەو قسانەو بۆ خاوەنی قسەکانیش ناکات!

سەرەنجام ئەوە دۆخی سیاسی چەقبەستووی کوردستانە کە لە ململانێی نێوان ئەو دوو حزبە میلیشیاییەدا بووەتە تونێلێکی تاریک و ئایندەی خەڵکەکەی لەناویدا لێڵ دەبێت ئەگەر خەڵک فکرێک لەحاڵی خۆیان نەکەنەوەو هەردوو لای ئەو گەمە قێزەونە بە مێژوو نەسپێرن!

★

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنی.**

# تارمایی مەترسییەکی تر!

## عوسمانی حاجی مارف

دەستنیشانکردنی تالانچێتی و گەندەڵی و جەردەیی بەوەی واقعیەتێکی سەلمێندراوی حاشاهەڵنەگری دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کە دەسەلاتی پارتی و یەکێتی بۆخۆشیان نەک هیچ نکوڵیەک لەم حاڵەتە قێزەوەنە ناکەن، بەڵکو دروشمی وەستانەوەیان لە بەرامبەر گەندەڵیدا، بۆتە جێگای ئەوپەڕی گاڵتەجاری و شەرمەزاریان، چونکە ئەم چەشنە لەگەندەڵی لە پێکهاتەی دەسەلاتی سیاسی هێزی میلیشیادا بە دیاردەیەک پێناسە ناکرێت، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە قۆرخکردنی دەسەلات و تالانچێتی بەسەر سەروەت و سامانی کوردستانەوە، کە لەڕۆژەکانی یەکەمی دەسەلاتداریانەوە، بە نەخشەوپلان وسیستماتیک کاریان لەسەر کردوە. گەندەڵی بۆتە حاڵەتێک، سایەی باڵادەستی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا نیشانداوە.

گەر ئەم تالانچێتی و گەندەڵیە سیستماتیکەی کوردستان، پێناسەی دەسەلاتی سیاسی پارتی و یەکێتی و تەواوی هاوکارانیشیان بێت، کە لەناو پەرلەمان و وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە خۆیان بناسێنن، بەڵام بەگشتی گەندەڵیان بەفەرمی ناساندوە. هەمویان بە دامەزراوەی " دەستەی دەستپاکیشەوە" ئەم گەندەڵیەیان قەبوڵ کردووە. بۆیە گەر قەبوڵی کەین ئەم گەندەڵیە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەناسرێتەوە، ئیتر باسکردن دەربارەی وەستانەوە لە بەرامبەر گەندەڵیەک کە پێکهاتەی دەسەلاتەکانە، جگە لە خەڵەتاندن و چەواشەکاری مانایەکی تر نابەخشێت. واتە بەرگرتن بە گەندەڵی لە سایەی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەهیچ جۆرێک ناتوانێ مانایەکی عەمەلی وەرگرێت. هەردەبێت خۆدی ئەو پێکهاتەیە هەڵوەشێنرێتەوە کە بە کۆتاییهێنانی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی دەتوانرێت دەرگاکەی بکرێتەوە.

هاوکاتی ئەم تالانچێتی و گەندەڵیە حاڵەتێکی تری گرنگ کە مەترسیدارترەو پێویستە لەبەرامبەریدا بەئاگاو هوشیار بین، نائارامی و ناجێگیری سیاسیە، کە بەهەمان شێوە لەڕیزی پێکهاتەی دەسەلاتی پارتی و یەکێتیدا بەڕێوەدەبرێت. بەو مانایەی ئایندەی سیاسی لە کوردستاندا نادیارو بێچارەنوسە. سی ساڵ زیاترە ئەم نائارامیە باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا، کە هەرجارە لە جۆرو شێوازێکدا وەک تارماییەکی مەترسیدار خۆی دەنوێنێت و چەندین قوربانی لێدەکەوێتەوە. بەرجەستەترین نمونە دەرکەوتەی مۆتەکەی داعش بوو کە تائێستاش گێڕانەوەی چیرۆکی خولقاندنی کارەساتەکانی وەک لەناوبردنی یەزیدیەکان و داگیرکاری شاری موسڵ و وێرانکردنی ئەو شارە لەڕێگەی جەنگەوە بە چەندین شێوە دەگێڕدرێتەوە! تائێستاش داعشەکان لە چەند شوێنی عێراق و کوردستاندا بە ئازادی دێن و دەچن و بەلان بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە مەفرەزە چەکدارەکانیان کۆنترۆڵی دەکەن.

حاڵەتێکی ئەم نائارامیە، لەلایەک ملکەچی و پێشخزمەتی پارتی و یەکێتیە لەبەرامبەر دەخالەتی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆی حکومەتەکانی تورکیاو ئێران، لەلایەکی ترەوە چاوەڕوانیانە بۆ ئەو کێشمەکێشەی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە کە لە ئاستی عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا بەڕێوەدەچێت. گەر باسەکە زۆر درێژ نەکەینەوە، چۆنیەتی دامەزراندنی دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، هەر لەسەرەتاوە ئەوەیان بە بەڵێندەری قەبوڵکردوەو وەرگرتوە، کە بەرپرس نین لە هەر نائارامی و کارەساتێک کە لە ملی خەڵکی کوردستانەوە دەئاڵێت.

بۆیە گەرسەرنجی ئەم هەواڵە بدەن کە دەڵێت: "لە چەند ڕۆژی ڕابردودا ئاسایشی سلێمانی حەوت گەورە بەرپرسی کۆمەڵەی لە زرگوێز دەستگیرکردوەو دەستی گرتوە بەسەر تەواوی چەک و جبەخانەکانی کۆمەڵەدا، وە لەسەر ڕاسپاردەی ئێرانیەکان تەواوی چەکەکانی کۆمەڵە تەسلیمی چەکدارەکانی حزبولای عێراق کراون، کە ئێستا لە عەربەت و کۆمەڵگەی باریکە دوو بارەگایان کردۆتەوەو یەکێتیش هاوکاریان دەکات". ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستا ئەم هەواڵە لەلایەن هیچ دەزگایەکی فەرمی یەکێتی نیشتمانیەوە پشتراست نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی وادەکات دوو دڵ نەبین لە دەوری یەکێتی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی لەم چەشنە، ئەو پەیوەندیەیە کە ئێستای لەنێوان حکومەتی عێراق و ئێران و یەکێتیدا هەیە و سەوداو مامەڵەیەکی لەم چەشنە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە!

پێش هەمو شتێک ئەوەی جێگای سەرنج و نیگەرانیە و دەروازەی تارمایی مەترسیەکی ترە، ئایا حزبولای عێراق چکارەیە لە عەربەت وە یەکێتی ئەم کارە بۆدەکات؟ هەڵبەتە ئەمە یەکەم جارنیەو دواجاریش نابێت لەو کردارانەی یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی بۆ شۆڕبونەوایان بۆ ناو ئەم سەوداو مامەلانەی دەیکەن، بەهەمانشێوە بنەماڵەی بارزانیش لەم بارەیەوە بێ کەموکوڕی نەبون و نابن و هیچ کات بێدڵی حکومەتی تورکیایان نەکردوە.

گەر لە چوارچێوەی ئەم دۆخە سیاسیەی ئێستای عێراق و کوردستان، لەم جوڵە سەربازیەی حزبولای عێراق بڕوانین، ئەوە ئەو ناچاربونە سیاسیەیە ڕێگەی بە یەکێتی نیشتمانی و بنەماڵەی تاڵەبانی داوە، کە ڕێکەوتنێکی لەم چەشنە پەسەند بکەن و پێشخزمەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی عێراق ڕێکبخەن. ئەمەش ئاکامی ئاراستەیەکە کە دابەزینی ئاستی هاوسەنگی یەکێتی نیشان ئەدات، بەوەی نفوزو هێزی سیاسیان لە

پلەیەکدایە، ناچارن دەست بەرن بۆ کارێکی قێزەونی لەو چەشنە تا بەهەر قیمەت گەر کارەساتی گەورەش بخولقێت، گرنگ ئەوەیە هیزەکەیان لە دارِمان و لەناوچون بپارێزن.
بەهەموو مانایەک هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی ئەوە نیشان ئەدات، قەوارەی حکومەتی هەرێم لە بەردەم هەڕەشەی بچوککردنەوەیەکی حەتمیدایە. بۆیە پێویست دەکات لەم بارەیەوە چەند خاڵێک کە وابەستەی یەکێتی بەئێرانەوە گرێ ئەدات دەستنیشان بکەین.
ئەوەی ئاشکرایە هەوڵی ئێران بۆ چەکداماڵینی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیەوێت دابەزینی ئەو بالانسەی لەبەرامبەر خرۆشانە جەماوەریەکاندا بەسەری هات و مەترسی بۆسەر دەسەڵاتەکەی دروستکردوە، بگەڕێنێتەوە بۆ دەورانی پێش ئەو نارەزایەتیانەی کە لە ئاستێکی فراواندا، هەستیارترین دروشمی ئەو نارەزایەتیانە خواستی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. ئەوەی ئاشکرایە کۆتایی کۆماری ئیسلامی لەهەمانکاتدا کۆتایی یەکێتی نیشتمانی و کۆتایی هێزە میلیشیا شیعەکانی عێراقی لێدەکەوێتەوە. بۆیە ئەم مامەڵەیەی یەکێتی و هاوکاریکردنی ئێران، وەستانەوەیە لە بەرامبەر تەواوی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی خەڵکی ئێراندا، لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتە گەندەڵ و تالانچیەکەیدا، چونکە چارەنوسی یەکێتی بەستراوە بە چارەنوسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.
لەلایەکی ترەوە ئەوە شاراوەنیە کە لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا، ئاستی هاوسەنگی و پێگەی یەکێتی، لەبەرامبەر پارتی و بنەماڵەی بارزانیدا لە هاتنەخوارەوەیەکی بەردەوامدایە. یەکێتی بۆئەوەی فرسەت بهێنێت، کوتەکێکی گەورە لە پارتی بسرەوێنێت و بەڵکو هاوسەنگی پێگەی خۆی بەرزترکاتەوە، زیاتر و زیاتر چارەنوسی خۆی دەخاتە ناوچوارچێوەو ڕەحمەتی نەخشەکانی ئێران و هێزە میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە. پێدەچێت بنەماڵەی تاڵەبانی تەنها ئەم دەرفەتەیان مابێت بۆ بەرگری لە مانەوەیان. یەکێتیەکان پێیانوایە بەم ئاراستەیە دەتوانن بە ئاڵوگۆڕ لە قەوارەی هەرێمدا، دەستکەوتێکی باشتریان هەبێت! بۆیە وەها دەردەکەوێت ئامادەیە تەواوی هەرێم و قەوارەکەی ڕادەستی هێزە شیعە میلیشیاکان و حکومەتی عێراق بکەنەوەو ببنە هاوکارو شەریکە بەشی مەرکەزی کردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە شارەکانی کوردستاندا، بەمجۆرەش دەسەڵاتی پارتی سنوردارو بەرتەسک کەنەوە.
ئەم گەمەو مامەڵەیەی یەکێتی چارەنوسی سیاسی خۆی پێوە گرێداوە، ویستی ئاڵوگۆڕێکە لە قەوارەی هەرێم و نەخشەیەک بۆ چونە ناو ئایندەیەکی سیاسی جیاوازەوە، کە ئەگەری ئەوەیە ئەو نەخشانەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی، عێراق و کوردستان بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت، لە بەرامبەر دەورانێکی ئاڵوگۆڕی تازەدا سەر هەڵباتەوە، یەکێتیەکانیش دەیانەوێت پێناسەیەکی تر لە بەریوەبردنی کۆمەڵگە لە ئاستی یەکپارچەیی عێراق بە خۆیان بدەن.
سەرەتای ئەم کارەی یەکێتی بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران و هاوکاریکردنی حزبوڵای عێراق و خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقدا، ئەتوانین بڵێین وێنای تارمایی مەترسیەکە، کەچۆن سی ساڵ زیاترە هۆکارو بەشداربوی چەندین بەلاو کارەسات بون، ئەم ئاراستەیەی ئێستاشیان، گومانی تیانیە کە خەڵکی کوردستان بە جۆریکی ترو بە شێوازیکی تر دەخەنە ناو گێژاوو ناسەقامگیریەک، کە بەلاو کارەساتەکانی لە ئێستاوە دەتوانین پێشبینی بکەین.
هەڵبەتە پارتیش لە پەیوەند بە وابەستەبون بە تورکیاوە بۆ پاراستنی خۆی، لە ڕێڕەوی هاوبەشی هەمان نائارامی و هەمان گێژاودا دەبێت.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!

## درێژەی ..... بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان سەبارەت بە دۆخی سیاسی کەرکوک!

شارەکەیان نوقمی هەژاری و بێدەرەتانی کردو کەشێکی گومان و ترسیان بەسەر شارەکەدا داسەپاند و ڕفاندن و تیرۆرکردن و زەوتکردنیان وەک بەشێک لەسایەتەکانیان برەوپێدا. بەدوای ڕوداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لەشکرکێشی سوپا و هێزە میلیشیا جۆربەجۆرەکانی شیعە و حەشدی شەعبی و فیرقەی ئاڵتونی بۆ سەر شاری کەرکوک و داسەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و میلیشیایی بەسەر شارەکەدا، بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لەم شارەدا چووە قۆناغێکی تر لە کێشمەکێشی نێوان حکومەتی عێراق و ئەحزابی ئیسلامی سیاسی شیعە و ئەحزابی ناسیونالیستی کورد. لەلایەک حکومەتی عیراق پارێزگارێکی لەسەرو بڕیاری خەڵک وتەنەنات لەسەرو یاساکانی خۆشیەوە بەسەر شاری کەرکوکدا داسەپاندو چەند بڕیارێکی قەومی وکۆنەپەرستانەی دەرکرد و دەستی بردن بۆ ڕووخاندنی ماڵان لەو گەڕەکانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردزمانن. هەروەها دەستیدایە داگیرکردنی زەوی وزاری جوتیارانی چەند گوندێک و لابردنی چەندین بەڕێوەبەر و کارمەندی کوردزمان وبەمجۆرەش نەک هەر بە شێوازێکی تر سیاسەتی تەعریب و تەرحیلی ڕژێمی بەعسی فاشیستی زیندوکردەوە، بگرە هەڵاواردن و دنەدانی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیستانەی پەرەپێداوە. لەلایەکی دیکەوە ئەحزابی ناسیونایستی کورد، بەتایبەت یەکێتی و پارتی بەشێک لە ململانێی نێوان خۆیان لەسەر پۆست و ڕاگرتنی پێگەی خۆیان لەم شارەدا، لەهەوڵی دانانی پارێزگارێکی کوردزمانی سەر بە حزبەکانیاندان، تا بارودۆخەکە بۆ پێش ١٦ ی ئۆکتۆبەر بگێڕنەوەو جارێکی تر بنکەو بارەگا وهێزی چەکدار و ئاسایشیان بۆ شارەکە، لەڕێگای ڕقەبەری قەومی لە کەرکوکدا بەدەست بهێننەوە. لەمانەش زیاتر دەسەڵاتی خۆجیی ئێستای کەرکوک بەئاشکرا، سیاسەتی جیاکاری و ناوچەگەرێتی لەدژی خەڵکی شاری کەرکوک بەڕێوە دەبا وزۆرینەی دانیشتوانەکەی لەگەڵ بێکاری ونەبونی خزمەتگوزاریدا بەرەوڕوکردۆتەوە ومەسەلەی دامەزراندن وپلەی وەزیفی لەدەستی توێژێکی دیاریکراودا کەسەربەتاقم وعەشیرەتیکی دیاریکراوی دەوروبەری پارێزرگار ودەست وپیوەندەکانیەتی چڕکردۆتەوە. بێگومان دۆخێکی ئاواش ژیان و گوزەران و سەلامەتی و ئاسایشی دانیشتوانی ئەم شارە، لەبەردەم مەترسی و کارەساتێکی بەردەوام و دڵتەزێندا ڕادەگرێ. کارەساتێک کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زمان و ئاین، هەموو خەڵکی شارەکەی کردۆتە نیشانە.

خەڵکی شاری کەرکوک بەردەوام قوربانی کارنامەی سەرکوت و لەشکرکێشی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق و سیاسەتی نابەرپرسانە و یاریکردنی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردە بە چارەنوسی خەڵکی ئەم شارەوە، تا لەڕێگەیەوە بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بگەن و دەست بەسەر دەسەڵات و داهات و سامانی ئەم شارەدا بگرن. هەربۆیە نابێ فریوی ئەو بەڵێنە درۆییانە بخۆن کە لەژێر ناوی "ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک"دا بە خەڵکی دەیدەن، چونکە خودی ئەم لایەنانە بە تەجروبە نیشانیانداوە کە هەر خۆیان و هێزە میلیشیاکەیان سەرچاوە و هۆکاری نائارامی و شەڕی نەتەوەیی و سەرکوت و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵ و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکن و نایانەوێ و ناتوانن دانیشتوانی ئەم شارە لە دۆخێکی ئارام و پێکەوەژیاندا ڕابگرن.

بەپێچەوانەوە گێرانەوەی دۆخی ئاسایی و مەدەنی بۆ ئەم شارە لەهەنگاوی یەکەمدا بەندە بە وەدەرنان و دەستکۆتاکردنی هێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەتی عێراق و هێزی میلیشیای هەر حزبێکی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەوە. خەڵکی شاری کەرکوک دەبێ بەرامبەر بەم دۆخە مەترسیدارە و هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، بە هوشیاریەوە لە ژیانی خۆیان و کارنامەی هێز و لایەنەکان بڕوانن و لەم ئاراستەیەشدا بەتەواوی تواناوە لەبەرامبەر مامەڵەی حکومەتی عیراق و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی شیعە و سیاسەتی نەتەوەپەرستی یەکێتی و پارتیدا بوەستنەوە و ڕێگانەدەن بەڵا و تراژیادیایەکی تر بەسەر ژیانیاندا دابسەپێننەوە.

هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق ڕادەگەیەنن کە دوورخستنەوەی هەر جۆرە مەترسیەک لەسەر ئەم شارە و ئاساییکردنەوەی ژیانی دانیشتوانەکەی، بە یەکیەتی و بە هاتنەمەیدانی خەباتی یەکگرتوانەی جەماوەری شاری کەرکوک و دوورکەوتنەوە لە گیانی نەتەوەپەرستی و دەمارگیری ئاینی مەیسەر دەبێ، بەوە دەبێ کە خەڵکی ئەم شارە ڕیزی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان لەڕیزی ئەحزابی ناسیۆنالیست و تایفی و بەژەوەندیەکانیان جیابکەنەوە و یەکدەستانە لە دەوری ئەم خاڵانە بێنە مەیدانەوە و چارەنوسی خۆیان و شارەکەیان هەنگاو بەهەنگاو بەدەستەوەبگرن:

١/ قەدەغەکردنی هەرجۆرە

سیمایەکی چەکداری لەشاردا، بوونی هەر هێزیکی سەربازی و میلیشیای حزبی چ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بێت وەیا لەلایەن ئەحزاب و تاقمی قەموی و ئیسلامیەوە، قەدەغەیەو ڕیگاپیدراونیە.

٢/ پارێزگاری بەوەکالەت (راکان جبوری) پارێزگارێکی داسەپاوە و هیچ شەرعیەتیکی نییە و دەبێ لەسەر کار لابچێت.

٣/ راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بریارانەی کە لەلایەن پارێزگاری داسەپێنراوەوە، بەدژی ئازادی و گوزەرانی خەڵکی ئەم شارە دراوە و بۆتە مایەی جیاکاری و ڕقەبەری نەتەوەیی.

٤/ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شارەکە و خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگای خەرجکردنی بەشێک لە داهاتی نەوتی شارەکەوە.

٥/ زامنکردنی ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی بۆ هەموو لایەنەکان و دەستەبەرکردنی ئازادیی نیشتەجێبوون و مامەڵەکردن بە موڵک وماڵەوە، بۆ هەموو دانیشتوانی شار بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی.

٦/ هەرجۆرە رەفتار و گوفتارێک کە هانی رقەبەری نەتەوەیی و ئاینی و تیرەگەری دەدا و پێچەوانەیە لەگەڵ ژیانی پێکەوەیی و هاوڵاتی چونیەکی دانیشتوانی ئەم شارە، قەدەغەیە و دەبێ وەک تاوان بناسرێ و ئەنجامدەرانی هەرکەس و لایەنێک بن دەبێ ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان بانگەوازی سەرجەم خەڵکی شاری کەرکوک دەکەن کە لەپێناو هەڵگرتنی فەزای سەربازی و سەرکوت و بۆ دوورخستنەوەی هەر مەترسیەک کە لە ئێستادا هەڕەشەیە بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان، لەدەوری ئەو خواستانەی سەرەوە خەباتی خۆیان یەکخەن و ریزی یەکگرتوویان بهێننە مەیدانەوە. هەردوو حزب سپاردنی بەڕێوەبردنی ئەم شارە بە ئیدارەیەکی کاتی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک خۆیانەوە بەڕیوەببرێ و بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئەمنیەت و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لەئەستۆ بگرێ، بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو دەزانن تا ئەو کاتەی کێشەی ئەم شارە لە چوارچێوەی چارەسەری کێشەی کورد لە ئاست عێراقدا یەکلادەکرێتەوە.. بێگومان هاودڵی و هاوخەباتی دانیشتوانی ئەم شارە و یەکگرتوویی تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دورکەتنەوە لە دەمارگیری و رق و کینەی نەتەوەیی و تایەفی، بە پێناسەی ئینساندۆستیەوە دەتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی مەدەنیەت بپارێزێ و فەراهەمی بکات. هەر ئەمەش ئەبێتە مایەی ڕاکێشانی هاوپشتی و پاڵپشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سەراسەری عێراق بۆ دانیشتوانی ئەم شارە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٢٣**

## بەشێک لە بڕیارنامە دەربارەی؛ دۆخی سیاسی کوردستان و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**– لەژێر کاریگەری هەلومەرجی جیهان و ناوچەکەدا، کوردستان لەبەردەم دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی تازەدا قەراری گرتوە. کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە و شکستی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسەڵاتی سی ساڵەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستە کوردەکانی دووچاری دەورەیەکی تازە لە بنبەست و بێئاسۆیی کردوە. ئەوەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا ناویان نابوو پشتیوانی ئەمریکا لە "کورد"، تەنها بەکارهێنانی ئەم حزبانە و دەسەڵاتەکەیان بوو لەلایەن ئەمریکاوە وەکو کارتی گوشار بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆی. ئەم حزبانە لە ڕێگای خۆگرێدانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بە دەسەڵات گەیشتن و لە دەسەڵاتدا مانەوە، ئێستاش بە ناکامی و پاشەکشەی ئەمریکا، هەم دوچاری بێ ئاسۆیین و هەم دەکەونە بەر گوشاری هەمەلایەنەی دەسەڵاتی بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە.**

**– بەدەر لەم ئاڵوگۆڕە تازانە، ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و چەوسێنەرە کە بە زەبری هێزی میلیشیایی داسەپێنراوە و بەسیناریۆی هەڵبژاردن ڕوپۆش کراوە، دوچاری قەیرانێکی هەمەلایەنەیە. بێتوانایی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نیشانداوە. نەک تەنیا وەڵامی بۆ هیچ یەک لە کێشەکانی ئێستای ئەم کۆمەڵگەیە نییە، بەڵکو خۆی هۆکار و سەرچاوەی جۆرەها گرفت و کێشەیە. بێکاری و گرانی، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، تالانکردنی مووچە و هاوکات سەرکوتی ئازادییە سیاسیەکان، لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا جەماوەری فراوانی خەڵکی لە ناو بێدەرەتانیدا نوقم بووە.**

# هۆکاری ڕاگرتنی گەشتی ئاسمانی سلێمانی بۆ تورکیا!

## عوسانی حاجی مارف

تورکیا لەلایەک گوشارەکانی لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاد دەکات و لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ هەسەدە ئیدانە دەکات. هەروەها دوای ئەوەی هێلیکۆپتەرێکی هەڵگری چەکدارانی کوردی سوریا لە ٢٦ی ئازار لە شاری دهۆک کەوتە خوارەوە، تورکیا سەرجەم گەشتە ئاسمانیەکانی لە سلێمانیەوە بۆ تورکیاو بە ئاسمانی تورکیا بۆ دەرەوە قەدەغەکرد، بەهۆکاری ئەوەی یەکێتی ڕێگە بە ئەندامانی (هەسەدە) دەدات کە فڕۆکەخانەکانی بەکاربهێنن.

ئەم پەیوەندیەی نێوان یەکێتی و هەسەدە، بۆتە مایەی پەرچەکرداری حکومەتی تورکیا بۆ ڕەخساندنی دۆخی بارگرژی لە سەر ناوچەکانی سلێمانی. ئەوەی جێگای بیر هێنانەوەیە، کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٧ تا ٢٠١٩ تورکیا گەشتە ئاسمانیەکانی بۆ سلێمانی قەدەغە کرد بەو گومانەی کە یەکێتی پشتیوانی پەکەکە دەکات، بەڵام دوای ئەوەی یەکێتی هەڵمەتێکی بەرفراوانی دژ بە چالاکییەکانی پەکەکە نیشانداو نووسینگەیەکی داخست، تورکیاش دەرگای گەشتەکانی بۆکردنەوە. ئەم پەیوەندیەی یەکێتی لەگەڵ پەکەکە و هێزە کوردیەکانی سوریا زیاتر بەدەوری لاهور جەنگی، کە پێشتر بەڕێوەبەری هێزەکانی دژە تیرۆری یەکێتی و دەزگای زانیاری بوو، دەناسرایەوە. ناوبراو کاتی خۆی سەردانی هێزە کوردیەکانی سووریای کردبوو و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بە ئاشکرا لاهور پشتیوانی خۆی بۆ ئەو هێزانە نیشان دەدا. هەربۆیە دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئەردۆغان بەدوای کوشتنی لاهورەوەیە! بەڵام پەیوەندی نێوان یەکێتی و هەسەدە، پەیوەندیەکی شەخسی لاهور جەنگی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی نێوان یەکێتی و هەسەدە بوو. بافل تاڵەبانیش لە مانگی کانوونی دووەمی٢٠٢٢دا یەکەم سەردانی بۆ لای لایەنە کوردیەکانی سوریا ئەنجام داو چاوی بە بەرپرسانی باڵای هەسەدە کەوت. پاش ئەوەی لاهوریش لە سەرکردایەتی یەکێتی وەلاخرا، بۆ تورکیا ئاشکرابوو کە بافل و سەرکردایەتی یەکێتی بەردەوامی بەهەمان پەیوەندی لەگەڵ هەسەدەدا دەدەن!

تورکیا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە یەکێتی نیشتمانی لە ٧ی نیسانی ئەمساڵ لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەر کاروانێک کە بەرپرسانی سەربازی ئەمریکی و یەکێتی و بەرپرسانی هەسەدەی تێدابوو. بیانوی تورکیا بۆ ئەو هێرشەی ئەوەبوو کە یەکێتی ڕێگایداوە بەهەسەدە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ کاروبارە سیاسی و سەربازیەکانی وەکو پردێکی ئاسمانی بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی هەسەدە بە دەرەوە. بەڵام سەرباری ئەو ئاگادارکردنەوەیەی تورکیا، یەکێتی بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی هێزەکانی هەسەدە کە تورکیا بە درێژکراوەی پەکەکەیان دەزانێت. لەم دواییانەداشدا مەزلوم کۆبانی لەگەڵ باڤڵا سەردانی ئیماراتیان کرد و جگە لەوەش بەرپرسانی دیکەی هەسەدە لەرێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە سەردانی ئەورووپایان کردووە و سلێمانی بۆتە وێستگەیەکی گرنگی تایبەتی و دیپلۆماسی بۆ هەسەدە.

هەڵەیەکی گەورەیە گەر ئەم پەیوەندیەی نێوان یەکێتی و هەسەدە، وەک هەڵوێستێکی دڵسۆزانە یا "کوردپەروەرانە" بۆ یەکێتی پێناسە بکرێت، چونکە یەکێتی ناتوانێ یان نایەوێت بەتەنگ دانیشتوانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیەوە بێت، خێرە وا ئێستا پەیوەندیەکانی لە گەڵ لایەنە کوردیەکانی سوریا بەهێزدەکات، کە واوەترە لە هەرهاوکاریەک، ئەگەر مەبەستی یەکێتی تەنها هاوکاری بێت!؟

بەو مانایەی یەکێتی نیشتمانی کە وەک بڕیارێک تەواوی چارەنوس و بەرژەوەندیەکانی خۆی گرێداوە بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئاکامەکەی خۆخستنە ژێر باری فشارو هەڕەشەکانی تورکیای لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەرگای گەشتە ئاسمانیەکانی بۆ ناکەنەوە. هەروەها ئەتوانین بە جۆرێکی تریش بڵێین ئەم جۆرە پەیوەندیانەی یەکێتی بەشێکە لەو شەڕو سیاسەتانەی کە بۆ کێبرکێ و وەستانەوەیە لەبەرامبەر بنەماڵەی بارزانی و پارتیدا ئەنجامی ئەدات. دەنا بۆ یەکێتی لە ناوچەی خۆیدا دەکەوێتە ژێر فشاری ئێرانەوە بۆ چەککردنی لایەنە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لەملاشەوە نەک هاوکاری، بەڵکو پەیوەندی تایبەت لەگەڵ ئەو لایەنە کوردییانەی سوریا بەهێزدەکات، کە وەک ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دەناسرێن!؟ کێشەکە ئەوەیە یەکێتی ناتوانێ ئەو هاوسەنگیە ڕابگیرێت کە لە پشتیەوە بەرژەوەندیەکی سیاسی پابەندبون بە ئێران و حکومەتی عێراقەوە وەستاوە، نەک مەبەست هاوکاری و دڵسۆزیە بۆ لایەنە کوردیەکانی سوریا. بەگشتی ئەتوانین بڵێین یەکێتی نیشتمانی خۆی خزاندۆتە ناو دووڕیان و گەمەیەکەوە، هەوڵئەدات بە سوتاندنی دواین وەرەقەی قوماری دەستی، خۆی لەو قەیرانە دەربهێنێت کەبەرەو بچوکبونەوەو هەڵوەرینی زیاتری دەبات. ئیتر لەگەڵ ئەم وەرەق سوتاندنە دانیشتوانی کوردستانیشی پێوە بسوتێ لە ئەجندای بنەماڵەی تاڵەبانیدا بایەخێکی نیە.

★

# بەڵگەنامەی" ستراتیژی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"

## بنەماکانی پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:

- کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری تیایدا قڵشتی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکیەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتیەکی کەم لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە ملیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابوری و بەهرەمەندبونی لە سەروەت و سامانێکی زۆر، زەمینە بابەتیەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزوتنەوەکەیان کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیەوە مومکن.

- لە کوردستاندا وەکو حەوزەیەکی کاری هەرزان، پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە باروودۆخێکی ئیمپریالیستانەی (مۆنۆپۆڵی) پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدا بەڕێوەدەچێت. لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان مەیدانێکە بۆ ڕوتێکردنی سەدان کۆمپانیا و سەرمایەی دەرەکی و بەرهەمهێنانی زێدە قازانج لەسەر بناغەی چەوسانەوەی لەرادەبەدەری چینی کرێکار و بێبەشکردنیان لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادی سیاسی ومافە سەرەتاییەکان. سەرخانی سیاسی ئەم باروودۆخە بە ناچاری سەرکوت و ملهوری سیاسییە، بەمەبەستی خامۆش کردنی چینی کرێکار و ڕاگرتنی نرخی هێزی کار لە هەرزانترین ئاستدا. بێگومان دۆخێکی ئاواش قازانجی هەموو بەشەکانی بۆرژوازی لەخۆیدا هەڵدەپێکێ و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی و سیستەمی دیموکراتی بۆرژوازی لە کوردستاندا دەکاتە یۆتۆپیا. بۆیە بەدیهێنانی ئازادی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتە گرەوی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەوە.

- کارنامەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکان، بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئەوانەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نیە، بەڵکو لەسەر بناغەی پێشێلکردنی ئیرادە و مافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ٣٠ ساڵیە شتێک نیە جگە لە بردنی کۆمەڵگە بۆ ناو شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەلات، بوونیان بەپاشکۆی زلهێزە جیهانیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و راپێچکردنی کردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەلخەکان، گەندەڵی و تاڵان و بڕۆی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگە، سەرکوتی ئازادی و نارەزایەتیە جەماوریەکان و نەیارانی سیاسی دەسەلات، تیرۆر و رەشەکوژی بەربلاوی ژنان ، □ ئەمانە بوونە زەمینە و بنەماکانی پەرەگرتنی ئەو بزووتنەوەی نارەزایەتیە جەماوریە کە لە ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەریەکانی دیکە بە دروشمی (بروخێ) و بەدەنگی بەرز (نا) ووتن بەم دەسەلاتە پێی ناوەتە مەیدانەوە. هەرچەندە بەردەوام ئەم بزوتنەوەیە سەرکوت کراوە، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە و بەردەوامیش بەرەو قوڵبونەوە و رادیکالبونەوەی زیاتر رۆیشتوە و پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجە نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستە کردوە.

دەسەلاتی میلیشیایی ئێستا کە گرفتاری بنبەستێکی سیاسی و ئابوریە، لە جەرگەی قوڵبونەوەی قەیرانی ئابوری و لێکترازانی ریزەکانی چینی دەسەلاتداردا، توانای وەلامدانەوە و چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکی نیە، ئەمەش وەکو فاکتەرێک جەخت لەسەر پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە دەکاتەوە.

- ئەزمونی چەندین ساڵی رابردوش بە کردەوە ئەو راستیەی سەلماندوە کە ئەم دۆخە دژوارە و ئەم دەسەلاتە گەندەڵ و ستەمکارە چاکسازی و پینەوپەڕۆ هەڵناگرێت. لە چەند ساڵی رابردودا چەندین لایەنی بورژوا-ناسیۆنالیست و ئیسلامی نارازی بە دروشمی چاکسازیەوە، هاتنەمەیدان. بۆ دەورانێک خۆیان سوار شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەر کرد. بەرەوویان بەو خۆشباوەریە دا کە گوایە دەکرێت لە ڕێگای سندوقەکانی گاڵتەجاری بە ناو هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی و گۆڕینی دەموچاوەکانەوە، بە چاکسازی دۆخی مەینەتباری ئێستا چارەسەر بکرێت. بەڵام ڕەوتی بابەتی ڕوداوەکان نیشانیدا کە بانگێشەی چاکسازی تەنها پرۆژەیەکە بۆ بەردەوامیدانی دۆخی ئێستا و داشکاندنی ئامانجەکانی جەماوەری نارازی و کردنی بەدەستمایەی سەودا بۆ شەریکبونەوە لە دسەلات..

* * *

لەسەر بناغەی ئەو فاکتۆرانەی سەرەوە، دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە گێژاوی ئێستا و گیرانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بزوتنەوەی جەماوەری، تەنها لە ڕیگای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگیرانەوە مەیسەر دەبێت. ئاڵوگۆڕێک کە لە پرۆسەی شۆڕشی بەردەوامدا کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم ئاراستە دەکات.

# تاوانێکی لە بیر نەکراو!

## مستەفا باهیر

٢٣ ساڵ بەر لە ئێستاو لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠دا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی راستەوخۆی "نەوشیروان مستەفا "، لەناوجەرگەی شاری سلیمانی، بەرۆژی ڕوناک، لە گەڕەکی شۆڕش، نزیک ئەمنەسورەکە، تفەنگ بەدەستەکانی لە بەرنامەیەکی لەپێشەوە داڕێژراودا، تاوانێکی گەورەی لەبیرنەکراویان ئەنجامدا. ئەویش بەدانانی بۆسەیەک بۆ تیمێک لە هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و تیایدا پێنج لاوی دڵ پڕ لە هیوا، کە تەنها تاوانیان ئەوە بوە وەک نەوشیروان و حزبەکەی بیریان نەدەکردەوە، بەر دەستڕێژی گولە دران و هەر لەوێدا ژیانیان لێوەرگیرایەوە و تیرۆر کران. بەم تاوانە لەبیرنەکراوە، یەکێتی نیشتیمانی و خودی نەوشیروان مستەفا تاوانێکی گەورەیان خستە پاڵ تاوانەکانی تریان.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای ساڵی شەست و شەشەوە کە ئەوکاتە بە جەلالی دەناسران و پاشان بوون بەیەکێتی، شان بەشانی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان، تاوان لە دوای تاوان دەرهەق بەخەڵکی هەژاری کوردستان ئەنجام دەدەن. تاوانەکان ئەوەندە زۆرن لە بژاردن نایەن. ئەم تاوانانە تەنها نەیارانی ئەو حزبانە ئاماژەی پێنادەن، بەڵکو بەشێک لە سەرانی ئەو حزبانە خۆیان باسی ئەو تاوانانە دەکەن کە حزبەکانیان ئەنجامیان داوە! تەنها یاداشتی هەندێک لە سەرانی ئەم حزبانە بخوێننەوە ئەوکاتە بۆتان دەردەکەوێت کە ئەمانە چ جۆرە تاوانێکیان ئەنجام داوە! چۆن هەر لەسەرەتای دروستبونیانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ لەدوای ساڵ، لاوی ئەم وڵاتەیان بۆ مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان بەکوشتداوە! چۆن شاخ بەشاخ و دۆڵ بەدۆڵ بەدوای یەکتردا گەڕاون و یەکتریان کوشتوە! چۆن لەسەر سفرەی نانخواردن تەڵەیان بۆ یەکتر ناوەتەوە و خوێنی یەکتریان لەسەر سفرەی خەڵکی گوندنشینەکان ڕشتوە! چۆن یەکتر تاوانبارەدەکەن کە بونەتە هۆکاری کارەساتی کیمباران و ئەنفال! تاوانی ئەمانە ئەوەندە زۆرە بەهەزاران کتێبی لەسەر بنوسرێت هێشتا کەمە. بەڵام زۆرجار پرسیارێک ئاراستەی کۆمۆنیستەکان دەکرێت کە بۆچی یەکیتی هێرشی کردە سەر ئێوە؟ بۆچی یەکێتی دەیویست ئێوە لەناو هاوکێشەی سیاسی کوردستاندا نەهێڵێ؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ ئەوکاتەی ڕاپەڕین ڕوویدا.

دوای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ڕاپەڕین و بەعسیەکانیان لە کوردستان وەدەرنا، بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان، خەڵکی زۆربەی شاروشارۆچکەکان بەدەوروو نەخشی کۆمۆنیستەکان خۆیان لە شوراکاندا ڕێکخست. بەڵام پاش ئەوەی کە یەکیتی و پارتی لە ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان، بەهاوکاری دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و ئەمریکا، یەکەمین کارێک کە کردیان بەهۆی ئەو چەکانەی کە لە ئێران و ئەمریکا وەریان گرتبوو، هێرشیان کردە سەر شوراکان و هەوڵی داخستنیان دان. دوای ئاوارەبوون و نەمانی شوراکان، کۆمۆنیستەکان لەساڵی ١٩٩٣ توانیان یەکبگرن و حزبی خۆیان، "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق" دامەزرێنن. بەهۆی داکۆکیکردنی بەردەوامی ئەم حزبە لە خەڵکی کرێکار و هەژاری کوردستان و هوشیارکردنەوەیان لەئامانجی ئەم حزبەناسیۆنالیستانە، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی کە چۆن بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن و ژیان و گوزەرانی خەڵک هیچ جیاوازیگایەکی نیە لە سیاسەت و بەرنامەی کاری ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەدا، بەهۆی نەخشی حزب لە ڕێکخستنی خەڵکی زەحمەتکێش و بەرگریکردن لە ژنان و منالان و لە قوتی خەڵک دژی تاڵاو براوی حزبەکانی کوردایەتی، بەوی ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیست هەمیشە ئاگاداری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانیان دەکرد کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا توشی کارەساتی گەورە دەبن، چونکە پارتی و یەکێتی بێجگە لە نەهامەتی و دەردیسەری هیچ شتێکی تریان پێنیە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان.

بەرامبەر بەمەش "حزبی کۆمۆنیست" ڕێگاچارەی گونجاوی بۆ کێشەکان دەدۆزیەوە و خەڵکی هان دەدا بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان. بۆیە هەر زوو زوو بوو بەجێگای باوەڕی کرێکاران و ژنان و لاوان و ئاوارەکان و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان. ڕۆژبەڕۆژ بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبەکەی لە پەرەسەندندا بوون.

هەربۆیە سەرانی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان، بەتایبەتی سەرکردایەتی یەکێتی، دەیزانی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە کۆمۆنیزم دەبێت بە دیاردەیەکی کۆمەڵاتی بەهێزو دەچێتە نێو ژیان و خەباتی کرێکاران و ژنان ولاوان و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، هەربۆیە بەهێزبوونی ئەم بزوتنەوەیەش ترس و دڵەڕاوکێیی نەک هەر لەلای حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، بەڵکو لەلای دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەش، بەتایبەتی "جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و ڕژێمی بەعسی فاشیست " دروست کردبوو. هەروەک نەوشیروان خۆی لەکاتی دانوسانی وەفدێکی هاوڕێیانی حزب لەماڵەکەی خۆی ووتبوی "ڕژێمی بەعس و جمهوری ئیسلامی ئێران ، زۆر نارەحەتن بە بوونی ئێوە لەم ناوچەیە، ئێمەش شەڕی ئەو دوو وڵاتەمان پێ ناکرێت ".

بەمشێوەیە یەکێتی لەسەر داوای

ئێران لەو ڕۆژەدا ١٤/٧/٢٠٠٠دا هێرشی کردە سەر حزبی کۆمۆنیست و ئەو ڕێکخراوانەی کە نزیکایەتیان هەبوو لەگەڵ ئەو حزبەدا. ئەگەر ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لەسەرەوە کردمان، بێجگە لەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڕای من یەکێک لە هۆکارەکانی تر کە وایکرد حزبە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان هێرشبکەنە سەر حزبی کۆمۆنیست، بۆئەوەی بتوانن ئەم دۆخەی ئێستا بخولقێنن و کۆمەڵگای کوردستان بەم ڕۆژە بگەیەنن و بتوانن سەرکوتیان بکەن، چونکە هیچ دەسەڵاتێک لە هیچ شوێنێکی دونیادا ناتوانێت هەروا بە ئاسانی سەرکوت و کۆنەپەرستی و قانوونی دژی ئینسانی وبێکاری و بێنانی و دزی و فەسادی و تاڵانی ئاشکرا بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، ئەگەر هێرش نەکاتە سەر ئەو هێزەی کە هەوڵدەدات کۆمەڵگا هوشیارکاتەوە لە ئامانجی گڵاوی ئەم حزبانە. بۆیە یەکێتی و نەوشیروان مستەفا بڕیاریاندا یەکەمین کەسانێک کە دەبێت خوێنیان بڕێژرێت کۆمۆنیستەکان بن. هەر بۆیە ڕۆژی ١٤ی تەممووزی ٢٠٠٠ ئەم پۆلە کۆمۆنیستە ( محمد مستەفا، ئومێد نگبین، ئیبراهیم محمد، هاوڕێ لەتیف، عبدول باسیت محسین ناسراو بە شێخ عەبدول)یان تیرۆرکرد.

لەدوای تیرۆرکردنی ئەوانیش هەرچەندە خەڵکی ئازادیخواز و هەژارانی کوردستان هەنگاو لەدوای هەنگاو هێرشیان دەکردو بەرگریان دەکرد، بەڵام هەمیشە لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە خوێنیان دەڕژاو ئەو خوێنەش بە ناوچەوانی سەرانی دەسەڵاتداری یەکێتی و پارتیەوە نەخشێنراوە. ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەرە بە خوێنڕشتن توانیان ئەم ڕۆژە، واتە خۆشگوزەرانی و ژیانی شاهانە بۆ خویان و دەستو پێوەندەکانیان دەستەبەربکەن و کارەسات و مەینەتباری و نەبونی بەدیاری بدەن بەخەڵکی کریکارو هەژاری کوردستان و ژیانیان لێبکەن بە دۆزەخ.

کریکاران و هەژارانی کوردستان دەبێت ئەوە باش بزانن، لەسایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیدا هیچ کات ژیانیان ئەگەر خراپتر نەبێت بێگومان لە ئیستا باشتر نابێت. ئەگەر کرێکاران و هەژارانی کوردستان دەیانەوێت ژیانیان باشبێت، دەبێت هەوڵبدەن بۆ لە دەسەڵاتخستنی ئەم حزبانەو لابردنی ئەم سیستەمە حوکمڕانیە. ئەویش تەنها بەڕێکخراوبون یەکگرتنیان دەبێت لە دەوری یەکتر، بەبێ ئەمە چاوەڕوانی ئەوە نەبن کە دەسەڵاتی کوردایەتی ژیانیان باش بکەن.

هەرچەندە دوژمانی کۆمۆنیزم هەمیشە بەدوای ئەوەوەن کە کۆمۆنیزم بەتەواوی لەناوبەرن، بەڵام دەبێت دوژمانی کۆمۆنیزم باش ئەوە بزانن تا چەوسینەرو چەوساوە هەبێت.، تا کرێکارو سەرمایەدار هەبێت، تا هەژارو دەوڵەمەند هەبێت، ئاڵای کۆمۆنیزم گەشاوەیە و ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەو ڕێگایەی کە هاوڕێیانمان ژیانیان لە پیناودا بەخشی.

**بەرزوو بەرێزبیت یادی هاوڕێیانی تاوانە تیرۆریستیەکەی ١٤ تەموز٢٠٠٠!**

**نەفرەت لە تیرۆرو تیرۆریستان.!**

## تاوانی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی دەرهەق بەکۆمۆنیستەکان، هەرگیز لەبیر ناکرێت!

لەساڵیادی ٢٠٠٠/٧/١٤، ڕۆژی تیرۆرکردنی پۆلێك لەئینسانی تێکۆشەرو کۆمۆنیست، لەلایەن سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیەوە، کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ، هەڵدەستێت بەسازدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری، لەسەر گلکۆی هەریەك لەهاوڕێیان "محەمەد مستەفا، ئومێد نیکبین، ئیبراهیم محەمەد، هاوڕێ لەتیف، عبدول باست موحسن".

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٥، کاتژمێر ٦ی ئێوارە
سلێمانی/ گۆرستانی شەهیدان

بۆ زانیاری زیاتر: 07501909675 - 07702138025

